

# شەهید ڕەوەند

## ڕەوەند مامەند سەلام حەمەد

کاروانی شـەهید و قوربانیدان بەردەوامە، یەکێکی دیکە لـەو شـەهیدانەی شـاری کۆیە کە لە بەرانبەر شـەڕی داعشـدا، لە پێناو پاراسـتنی خـاک و نیشـتیمان و نەتـەوە و ئـاڵای کوردسـتان شـەهید بـووە، شـەهید ڕەوەند مامەند سـەلام حەمەد دۆنداریيە.

شـەهید ڕەوەند مامەند، لـە بیسـت و پێنجـی ئەیلوولـی سـاڵی (١٩٨٩) لـە شـاری کۆیـە لەدایکبـووە، لەبنەڕەتـدا  بنەماڵەکەیـان لـە گونـدی دۆنـدراوە/ دەشـتی کۆیـە هاتوونەتـە شـاری کۆیـە، لەوێدا ڕەوەند دەستیکردووە بەخوێندن و قۆناغەکانی سـەرەتایی/بنەڕەتی بەسـەرکەوتوویی بەکۆتـا هێنـاوە، بـەڵام بـەهۆی فەقیـری و هـەژاری و کـەم دەرامەتییـەوە، وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە و سـەرقاڵی پەیداکردنـی بژێـوی ژیـان بـووە.

شـەهید ڕەوەنـد، لـە تەمەنـی بیسـت و سـێ سـاڵیدا و لـە سـاڵی (٢٠١٢)ـدا، ژیانـی هاوبەشـی لەگـەڵ خانمێـک بـە نێـوی (نەجیبـە عەبـاس سـەلام) پێکدەهێنـێ و بەرهەمـی ئـەو هاوژینیەیـان دوو منداڵـی کچـە بەنێوەکانـی (ڕەیـان، تەمـەن دوو سـاڵ و ڕۆنیـاس، تەمـەن سـێ سـاڵ)، بـەڵام تەمـەن یاروباقـی نابـێ، ڕەوەنـد زیاتـر درێـژە بـە ژیـان بـدات لەگـەڵ هاوژیـن و منداڵەکانـی.

شـەهید ڕەوەنـد مامەنـد، لـە سـاڵی (٢٠٠٥)ـدا، پێوەنـدی بـە وەزارەتـی پێشـمەرگەوە دەکات و دەبـێ بـە پێشـمەرگەی کوردسـتان و بـۆ مـاوەی نـۆ سـاڵ لـە خزمەتکـردن

بەردەوام دەبێ تا ڕێککەوتی شەهید بوونەکەی لە ساڵی (٢٠١٤)دا.

لە سەرەتای هاتنی داعش و فشارەکانی، شەهید ڕەوەند لەڕیزی پێشەوەی شەڕکردندا بووە و بەردەوام لە بەرگری خاکی کوردستان بووە، تا ڕێککەوتی شەشی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤)دا، لە باشیکە "بەعشیقە" نزیک موسڵ، لەکاتی بەرگری کردن، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە بریندار دەبێ، لەدوای بریندار بوونی و کەوتنی بەزەویدا ئازار بەنێوچاوانی دەگات و لەدوای ماوەیەکی کەم، شەهید دەبێ.

لەدوای شەهید بوونی، شەهید ڕەوەند بە ڕێ و ڕەسم و مەڕاسیم و پێشوازییەوە تەرمی شەهید ڕەوەندیان گەڕاندەوە بۆ شاری کۆیە و لەوێوە بەرەو گوندی دۆنداری زێدی باب و باپیرانی بەڕێ کرد و لە گۆڕستانی گەورەی دۆندار بە خاک سپێردرا.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان دیدار لەگەڵ بەڕێز (یاسین عەبدوڵڵا عەبدولخاڵق حەبیب، خاڵی شەهید) ئەنجامدراوە، لە ڕێککەوتی بیست و نۆی حوزەیران، ڕۆژی چوار شەممە، لە ماڵی یاسین، لە کۆیە.





